# ئایا نۆرەی ئێرانە؟

دکتۆر حوسنی مەحلی
لە تورکییەوە: بەکر شوانی

ئەمەریکاییەکان لە دوای ١١ ی ئەیلول و لە کاتی داگیرکردنی ئەفغانستاندا بە هیچ جۆرێک ئێرانیان فەرامۆش نەکرد. هەندێک لە ئەمەریکاییەکان وای بۆ دەچن پشتیوانی کردن لە خاتەمی-ی ریفۆرمخواز لە بەرامبەر مەلاکاندا، دەتوانێ خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە هەرێمەکە بکات و لەوانەیشە ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی سەردەمی شا و ئەم شێوە حسابانە لەبەر هۆی جۆراوجۆر بۆ ئەمەریکاییەکان گرنگن. هەندێکی تر لە ئەمەریکاییەکان (بە تایبەتی لایەنگرانی ئیسرائیل) کە سونەگەری و بە تایبەتیش وەهابیەت بە سەرچاوەی تیرۆر دەزانن، پێیان وایە کە دەکرێ بە پشتیوانی کردن لە شیعەکان لە هەرێمەکەدا هاوکێشەی نوێ دابهێنرێ. سەرەڕای ئەوەش ئێرانێکی فارسی (عەجەمی) و بە ڕەچەڵەک نزیکتر لە کوردەکان، دەکرێ لە دژی عەرەبی سونی و ئەگەر پێویستیش بکات (!) لە دژی تورکەکان بەکار بهێنرێ و ئەمەریکاییەکان شانبەشانی داگیرکردنی عێراق لە نەخشە و پرۆگرامیاندا بۆ ئەو وڵاتە و وڵاتانی تری هەرێمەکە تا ڕادەیەک لەو چوارچێوەیەدا هەڵسوکەوتیان کرد. لەبەر ئەم هۆیە ئەمەریکاییەکان (بۆ نمونە وەکو لە موسڵ ڕوویدا) بە ئاگر وەڵامی بچوکترین خۆپیشاندانی سونیەکانیان داوەتەوە، کەچی لەبەرامبەر کۆبوونەوەی چەند ملیۆن کەسی شیعەکان لە نەجەف بێدەنگ بوون. هاوکات هەمان ئەو ئەمەریکایانە حساباتی جیاوازیشیان پشتگوێ نەخست و ئەوان لە کاتێکدا کە دەرگای خۆیان بۆ هەموو جۆرە گفتوگۆیەک لەگەڵ تاران و شیعەکانی عێراقدا خستۆتە سەر پشت، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی دژبەری ڕژێمی ئێراندا کەوا کامپەکانی لە عێراقە، پەیمان مۆر دەکات. بە پێی ئەم پەیمانانە ڕێکخراوەکە کەمپەکانی چۆڵ دەکات و چەکەکانی ڕادەستی ئەمەریکاییەکان دەکات، بەڵام ئەندامانی ڕێکخراوەکە کە ژمارەیان نزیکەی ١٥ هەزارێک دەبێت، لەم کاتەدا لە عێراق دەمێننەوە. بە دەربڕینێکی تر ئەگەر پێویست بکات ئەمەریکاییەکان لە سەودا و مامەڵە لەگەڵ ئێراندا ئەمانە وەکو کارتێک بەکار دەهێنن. واشنتۆن کە دەخوازێ لە بەغداد ڕژێمێکی پەیوەست بەخۆی یان ڕژێمێک کە بەلایەنی کەمەوە بە "شەیتانی گەورە"ی نەزانێ، ببینێ، لە هەمان کاتدا هەڕەشەکردن لە تارانیش فەرامۆش ناکات و ئەگەر تەماشای ئەو هەواڵانە بکرێ کە لە پێنتاگۆن-ەوە دزەیان کردووە یان دزەیان پێکراوە، ئێران لە داهاتووی نزیکدا دەبێت بە ئامانجی نوێی ئەمەریکاییەکان نەک سوریا. بە تایبەتیش ئەمەریکاییەکان کە ئێستا عێراقیان داگیرکردووە و بوون بە هاوسێی ئێران، کارەکەیان زۆر ئاسانتر بووە. ئەمەریکاییەکان بە بیانوی هەبوونی چەکی کۆکوژ عێراقیان داگیرکرد و ئێستاش وا سەرقاڵی ئامادەکردنی هەمان گوتارن بۆ ئێران و بە تایبەتیش کە مەسەلەی دامەزراوەی ئەتۆمی ئێران لە ئارادایە. ئەگەر ئەوە بهێنینەوە بیری خۆمان کە ئیسرائیل دامەزراوەی ئەتۆمی عێراقی بە مەترسیەکی گەورە دەزانی و لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٨٢ دا بۆردومانی کرد، گومانی تێدا نیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دامەزراوەی ئەتۆمی ئێرانیش دەبێتە ئامانجی فرۆکە و موشەکەکانی ئەمەریکا یان ئیسرائیل. ڕەنگە ئەمەریکاییەکان

www.kurdistannet.org

هەر بەوەندەشەوە ڕانەوەستن و نزیکەی ١٥ ملیۆن ئازەری باکوری ڕۆژئاوای ئێران کە بە ڕەچەڵەک تورکن، هان بدات بۆ ڕاپەڕین لەدژی تاران. دوای ئەوەش لەوانەیە نۆرە بێتە سەر نزیکەی سێ ملیۆن عەرەبی ولات و هێندەی ئەوانیش بلوچ. ئەمەریکاییەکان شیعەکانی عێراق و شیعە عەرەبەکانی هەرێمەکە لەدژی شیعەکانی ئێران گەرم دەکەن و هەموو ڕێگایەک بۆ تەنگاوکردنی تاران تاقی دەکەنەوە و بە هەر نرخێک بووبێت نایانەوێ ئێران وەکو هەڕەشەیەک لەدژی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و ئیسرائیل ببینن و واش دەردەکەوێ لەو پێناوەدا چیان بۆ بکرێ دریغی ناکەن لە ئەنجامدانی. ئێرانێک کە بە پشتیوانیکردن لە ڕێکخراوەکانی وەکو حەماس و جیهاد و حزبولا هەڕەشە لە ئاسایشی ئیسرائیل دەکات، یان دەبێت لەو هەڵوێستە پاشگەز ببێتەوە (ئەو کاتەش شۆڕشی ئیسلامی هیچ واتایەکی نامێنێ) یاخود دەبێت سزا بدرێت و ئەمەریکاییەکان و ئیسرائیلیەکانی هاوپەیمانیشیان لە کات و قۆناغێکی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆیان شێوازی سزادانەکە دیاری دەکەن. جێگای داخیشە کە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق زەمینەیان بۆ خۆش دەکات بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانیان. گفتوگۆیەکی درێژم بیرکەوتەوە کە لە ساڵی ١٩٩٤دا لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئەلچی بەگ سەرۆکی پێشووی ئازەربایجان سازمدابوو. خوالێخۆشبوو ئەلچی بەگ لەو گفتوگۆیەدا دەیگوت تەواو دڵنیایە کە ئەمەریکاییەکان ئێران وەکو یوگسلافیا پارچە دەکەن. ئێستاش ڕووداوەکانی ئەمڕۆ قسەکانی ٩ ساڵ لەمەوبەری ئەلچی بەگم بیر دەخاتەوە. لەو کاتەشدا ئەگەرەکانی داگیرکردنی عێراق و باڵادەستیی ئیسرائیلمان لە هەرێمەکە تاوتوێ دەکرد. قسەکانی ئەو ڕۆژەمان بەشی زۆری بەدیهات یان لە سوریە بەدیهاتندایە. هیوادارم ئەوەی ئەمڕۆیش دەڵێین دوای ٩ ساڵی تر بەدی نەیات. ئەگەر نا ئەوا ئێمە لە هیچ شتێکەوە دەرز فێر نابین!!

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی یەنی شەفەق ٢٠٠٣/٥/٢٦

www.kurdistannet.org کوردستان نێت